حكومة اقليم كوردستان/ العراق
وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة اربيل
قسم التخطيط
شعبة الدراسات العليا

حكومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی پلان
هۆبەی خوێندنی باڵا

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
**General Directorate of Health – Erbil**

ژمارە: العدد: ٥٩٥٧
ڕێکەوت: / / التاريخ: ١٠ / ٥ / ٢٠١٥

**پێشمەرگە سومبوڵی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە**
**بۆ/ گشت بەڕێوەبەرایەتی و نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان**
**بابەت / گشتاندن**

ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتمان ژمارە (٧٤٩٤) لە (٢٠١٥/٤/٢٩)
هاوپێچ نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدوا داچوون / بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت ژمارە (٣١٩٢) لە (٢٠١٥/٤/٢٢)
سەبارەت بە زانکۆ تایبەتەکان لە سنوری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کراوەتەوە وەك کۆلیژە زانکۆییەکانی (حدباء، النور، قلم، کتاب) ئاگادارتان دەکەینەوە هەر قوتابی، خوێندکارێك لەم کۆلیژە زانکۆییانەی کە ئاماژەی پێکراوە دەربچێت ئەوا ئیمتیازاتی دەرچونیان لە هەرێمی کوردستان پێ نادرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**هاوپێچ:**
وێنەیەك لە نوسراوی خوێندنی باڵا.

**دکتۆر**
**سامان حسین بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری گشتی**

**وێنەیەک بۆ :**

- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەشی پلان / هۆبەی خوێندنی باڵا / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

Kurdistan Region-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للشؤون الإدارية و المالية
مديرية الإدارة

ژمارە: ٧٤٩٢
ڕێکەوت: ٠/ ٩/ /2715 کوردی

No:
Date: ٢٩/ ٤ / 2015

( پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە )

**بۆ/ گشت فەرمانگە وبەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی سەر بە وەزارەتە**

**ب/ گشتاندن**

ئاژمارە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٣١٩٢ لە ٢٠١٥/٤/٢٢
هاوپێچ نووسراوی وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە ٦٨٣١ لە ٢٠١٥/٤/٦
سەبارەت بە زانکۆکانی تایبەت لە سنوری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە ڕەزامەندی حکومەتی عیراقی فیدراڵ کراوەتەوە وەک کۆلیژی ( الحدباء ، النور ، القلم ، الكتاب ) ئاگادارتان دەکەینەوە هەر قوتابی ، خوێندکارێک لەم کۆلیژە زانکۆیانەی کە ئاماژەمان پێکرد دەربچن ئەوا ئیمتیازانی دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان پێ نەدرێت بۆ جێ بە جێ کردن لەگەڵ ڕێزدا .

هاوپێچ / وێنەیەک لە نووسراوی خوێندنی باڵا

**جمال مولود احمد**
**بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی**
**٢٩/ ٤ /٢٠١٥**

**وێنەیەک بۆ :-**

- .جەنابی وەزیر
- ب.گشتی کارگێری و دارایی
- ب.گشتی پلان دانان
- ب.کارگێری
- ب.ژمێریاری
- ب.یاسایی
- میلاک
- خۆیەتی/ لەگەڵ بەراییەکان
- دۆسیەی گشتی
- خولاو .

لەگەڵ وێنەیەک لە هەردوو نووسراوی سەرەوە بۆ کاری پێویست

نەرمین/٤/٢٨

خۆیەتی/ یوسف

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات و التخطيط و المتابعة
مديرية التعليم الخاص


No:
D ate:

ژمارە: ٥/ ٦٨٢١
ڕێکەوت: ٦ / ٤ / ٢٠١٥ی زایینی
١٧ / ١ / ٢٧١٥ی کوردی

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان /ڕاوێژکاری فێرکردنی باڵا

بابەت/ وەڵام

سڵاو و ڕێز...

نووسراوی بەڕێزتان ژمارە (٢٢٥٢) لە (٢٠١٥/٣/٢٤).

وەک لای بەڕێزتان ئاشکرایە وەزارەتمان هەنگاوی زۆر جدی ناوە بۆ چاکسازی لە زانکۆ تایبەتەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن لەم زانکۆیانە تاکو بتوانین کادیری ئاست بەرز لەم زانکۆیانە ئامادەیان بکەین بۆ بازاری کار، بەڵام دیارە پاش ئەوەی ژمارەیەک کۆلێژی زانکۆ لە سنوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەرەزامەندی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کرانەوە وەک کۆلیژە زانکۆییەکانی (حدباء، النور، قلم، کتاب، ... هتد)، تێبینی دەکرێت دەوام لەم کۆلیژە زانکۆییانە وەک پێویست نیە وە پێوەری وەرگرتن زۆر نزمترە بە بەراوورد لەگەڵ پێوەری وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم ، بۆیە ئەم کۆلێژە زانکۆیانە بوونەتە بەربەست لە ڕێگای چاکسازی لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم، کاتێ بمانەوێت چاکسازی لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم ئەنجامدەین وە پاڵەپەستۆ بخەینە سەر زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن. ئارەزوومەندانی خوێندن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕوو دەکەنە ئەم کۆلێژە زانکۆییانە لەبەرئەوەی دەرچوون تیایاندا زۆر ئاسانترە وە بە کۆنمرەی زۆر کەمتر و پێوەری نزمتر و بەدەر لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی خوێندنی تایبەت وەردەگیرێن. ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەوەی نەتوانین هەنگاوی جدیتر بهاوێژین لە پرۆسەی چاکسازی وە بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم کە پێشووتر زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم زۆر تێبینیان لەسەر هەبوو. جگەلەوە ئەم کۆلێژە زانکۆییانە بەهەمان شێوەی سیاسەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دان بە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم نانێن. لەبەر ئەوە ئێمە هەڵسوکەوتیان (تعامل) یان لەگەڵ ناکەین وە کار ئاسانیان بۆ ناکەین و هانی دەرچووانی ئامادەیەکانی هەرێم نادەین بۆ خوێندن لەم کۆلێژە زانکۆییانە بەهۆی ئەم هۆکارانە کە ئاماژەمان پێکردوون، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان گشتاندن بکرێت بۆ سەرجەم وەزارەت دام و دەزگا حکومیەکان کە هەر قوتابی/خوێندکارێک لەم کۆلێژە زانکۆییانەی کە ئاماژەمان پێکردووە دەربچن ئەوا ئیمتیازاتی دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان پێنەدرێت بۆئەوەی ئێمە بتوانین لە چاکسازی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بەردەوام بین.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
٢٠١٥/٤/١

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پشکنین و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت / لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە.

ئـاری ٢٠١٥/٣/٣١